**بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە (٢٠٢) لە ٢٠٢٣/٣/٦**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٤) لە ٢٠٢٣/٣/٦، و دوابەدوای هەردوو نووسراوی ژمارە (١٦٥٦٧) لە ٢٠٢١/١٢/٢٣ و نووسراوی ژمارە (٥٣٠٢) لە ٢٠١٨/١٠/١٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگیی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کە بەدواداچوونی ورد و هەمەلایەن بۆ بابەتی (ڕێگەپێدان بە دامەزراندن و تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی بواری دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان) بکرێت و لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی گشتگیردا بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئامادە بکرێت بە ئاڕاستەی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی هاووڵاتییان و پێشخستنی بواری تەندروستی، ئەوەش لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەم بۆ چاکسازی لە کەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراک، کە تیایدا هاتووە کە پێویستە دامەزراوەی خۆراک و دەرمانی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت.

٢. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەگرێتە ئەستۆ.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**